# روناکبیران، ئەزموونی سەدەیەک

له فارسیەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان



لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا و لە فەرەنسا بەبیانووی ڕووداوی (دریفۆس) و کەمێک دوای زەمەنی فەزای سیاسی کۆمەڵایەتی خۆرئاوا(جەنگی ڕۆشنبیری) بەرپابوو، لە هەمانکاتدا ژمارەیەک لە گەورەترین بیرمەندانی فەرەنسا وەکو: ئەمیل زۆلا، مارسیل برۆست، ئەمیل دورکهایم، ئۆگۆست کەنت، بەیانێکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا بەرگری لە بنەماکانی ئازادی بیرورا دەربرین و مافی رەخنەگرتنی ڕۆشنبیر دەکەن.

سەرەتای سەدەی بیستەم مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆرئاوا بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشت کە بێگومان توێژی بەربژێری و بیرمەند ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەبوو لە دروستکردنی گەورەترین و شاراوەترین ئەزموونی مرۆیی، ئەم بنەمایە بووە بیانویەک تاوەکو توێژەرانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە نیگەرانیەوە بۆچوونی خۆیان لە ڕەخنەگرتنی تەوژمە ڕۆشنبیرییەکاندا بخەنە ڕوو. لەم وتارەدا سێ گروپ لە ڕۆشنبیران بەبیانووی هەڵگرتنی پێناسەی ڕۆشنبیر خراونەتە بەر رەخنە.

***بزربوونی ڕێژەی ڕۆسنبیرانی سەربەخۆ نزیکەی سی تا چل ساڵ لەمەوبەر دەستپێکردووە، ئەم ڕووداوە لە لایەک بووە سستی گەشەی کۆمەڵگا و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری هەبوو لە زانستی بوونی هێزی تاک.**

لوئیس کوزر

***لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دا ڕۆشنبیر هەمیشە گوتارێکی سیاسی هەبووە و هەر ئەمەش بووەتە مایەی لە ناوچونی ڕۆڵ و پێگەی ئەو.**

فردیک جیمسون

***ڕۆشنبیر ناوێکی تایبەتە بە ڕەگەزی نێر و گوتارێکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگیە کە لەوژمی دریفوس دا لە پاریس لە دایکبووە، لە کۆتای سەدەی بیستەم دا هەر لە پاریس بە مردنی سارتەر کۆچی دوایی کرد.**

بێرنارد هنری لوی

ڕادیـــۆیBBC هەموو ساڵێک لە لەندەن کۆمەڵێک بەرنامەی وتاربێژی ڕێکدەخات، لە یەکەمین ساڵدا برتراند ڕاسل فەیلەسوفی بە ناوبانگی ئینگلیزی یەکەمین وتـــاری خۆی پێشکەشکرد، هەنگاونان بۆ توێژینەوەی گشتی. وەختێ ساڵی 1992 هات، قورعەیەک دەرچوو بۆ ڕۆشنبیرێک، ئەویش ئیدوارد سەعیدی بیرمەندی بە ڕەچەڵەک فەلەستینی بوو. ئەو بابەتەی کە ئیدوارد سەعید بۆ وتاردانە چەند هەفتەیەکەی خۆی هەڵیبژارد بریتیبوو لە توێژینەوەیەک بە ناوی(ڕۆڵی ڕوناکبیر)، ئامانجی سەرەکی سەعید وەکو ڕۆشنبیرێکی بە ئاگاو ئازار دیدەی خۆرهەڵات.

ئـــەوەی وای لە سەعید کــرد ئەم مەسەلەیە بخاتە ڕوو، یەکێ لە مەرجە سیاسیە- فەرهەنگیەکانی بەریتانیا بوو لە پاش تەوژمی سەلمان ڕوشدی، ئەویتریشیان ڕەخنەی جدی بوو لە ڕۆشنبیری بورجی عاج نشین،(cocooned) ی ئەمریکایی، کە لەوەزیفەی خۆیان وەکو پشکێنەری حەقیقەت، بێئاگابوون.

ئەو کۆمەلە قسانەی سەعید پاش ماوەیەکی زۆر لە پەرتوکێکدا بە ناوی(ڕۆڵی ڕۆشنبیر) دا بڵاوکرایەوە.

قسەکانی سەعید لە ساڵی 1993 دا لە پاش ئەزموونی ڕۆشنبیران لە هەندێ تەوژمی سیاسی و وابەستەیی هەندێکیان بە هەندێ لە حکومەتەکان بۆ ڕێکخستنی ئەو پرسانە بوو کە لەوانەیە ئەمڕۆ لە دوای ئەزمونی سەدەی بیستەم، بتوانن باشتر وەڵامی ئەوانە بدەنەوە کە دەڵێین ڕۆشنبیر کێیە؟

ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کامەیە؟ ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا چییە؟ ئایا ڕۆشنبیر مەقولەیەکی جدییە و هاوکات هێزێکی واقیعیە بۆ نوێگەری؟ ئەمانە هەندێ پرسی جدین کە سەعید لە ڕۆڵی ڕۆشنبیردا باسیکردووە. ئەم قسانەش بە ئامانجی وەڵامدانەوەی هەندێ لە گرنکتین مەسەلە ڕۆشنبیرییەکان بووە. ئیدوارد سەعید وەکو ژولیان بیندا بۆ وەڵام وەرگرتنی ئەم پرسانە ڕێز لە ئەندێشەی کەسانی وەک ڕژی دبرە، ئەنتۆنیۆ گرامشی، فرانتس فانون، تیۆدۆر ئادرنۆ و نوام چۆمسکی دەگرێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بە مرۆڤێکی پەراوێزکراو ناودەبات.

**ئیدوارد سەعید سەرەرای نوسین، دەربری ڕوخساری سێیەمی ڕۆشنبیرییە، لە دواهەمین بەرهەمی خۆیدا(نامۆ) بوونیش دەخاتە سەر مەرجەکانی ڕۆشنبیری گەڕۆک**

لە ڕاستیدا بـــەم تایبەتمەندی و مەرجانەی کە ئیدوارد سەعید ڕیزبەندیان دەکات دەبێ چەند کۆمەڵە ڕۆشنبیر لە سەدەی بیستەمدا هەبن؟

ئایا دەکـــرێ بین شیلی، مارکس، ئیبسن، تۆلستۆی، هەمنگوای، ئەدرۆل، برێخت، ڕاسل، ئارنت، سارتەر و هایدگەر لەم پرسە جیابکرێنەوە؟

بێگومان ڕۆشنبیر لە چەمکی (نوێگەری)دا بەو جۆرەیە کە تۆدۆرف دەڵێ: "نە بە لە بورجی عاج دا مانەوە و نە بە چالاکی سیاسی لە خزمەت دەسەڵاتی سیاسی حکومەتی گریمانەیی ناگۆڕێت. تا سیمبولی ڕیالیزم سۆسیالیستی بێت، وەکو ئەوەی لە وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو بینیمان، نەک ئەو شێوە و سیما سیاسیە لە خۆ بگرێ کە لە پشت سەرنگونکردنی هەندێ لە حکومەتەکانەوە بێت.

شارەجان گری لە پەرتوکی (ڕۆشنبیران و خەڵک) دا دەربری هەمان حەقیقەتە، و دەنوسێ ) تراژیدیای بەردی من، لە زۆر لایەنەوە بەرهەمێکی ئابلوقەدراو نەبوو، بەلکو

بەپێچەوانەوە ئەم بەرهەمە لە تەوژمە رۆشنبیرییەکانی ئەرتەدۆکسە کە لە ئەوروپا دا رەگ و ریشەی هەیە.)

لە بەریتانیاش نوسەرێک بە ناوی پاڵ جانسۆن، لە دوای شیکردنەوەی گۆشەکانی ژیان و ئەندێشە کەسیەکانی هەندێ لە بە ناوبانگترین سیماکانی رۆشنبیری سەدەی بیستەم، هەمان پروپاگەندە بە زمانێکی تر دەخاتە روو. ئەو دەنوسێ(یەکێ لە بنەما خەماوییەکانی ئێمە کە بینەری قوربانی بوونی ملیۆنەها مرۆڤی بێگوناح بووە، لەو پێشنیارانەی بۆ چاکبوونی چارەنووسی مرۆڤایەتی، ئەمەیە خۆیان لە رۆشنبیران بە دوور بگرن، نەک تەنها دەبێ ئەوان لە هەرەمەکانی دەسەڵات دووربکەونەوە، بەڵکو کاتێک کە دەیانەوێ راوێژی بە کۆمەڵ بدەن، لە کۆمیتە و کۆنفراسەکان و کۆمەڵگە رۆشنبیرییەکان خۆ بە دوور بگرن و متمانە بە بەیانە گشتیەکان نەکەن، کە لە ریزی بەرجەستەی ئەوانەوە دەنێردرێن، داوەری ئەوان لەمەڕ رابەرایەتی سیاسی و رووداوی گرنگ بێبەها لە قەڵەمبدەن.)

بێگومان پرۆپاگەندەکانی پاڵ جانسۆن بەدوور نییە لە کاردانەوەی سەرهەنگ موریدا سزار ناسراو بە (قورگ درێنەر) لە رۆمانی( جەنگی ئاخر زەمان)دا کە دەڵا (هەموو رۆشنبیران مەترسیدارن، لاوازن، خەڵک پێویستی بەو هەست و توانایانەی هەیە کە خراپترین کار بە باشترین بیرۆکە ئاراستە بکات، بەڵام دەبێت وەکو ئەو ئاژەڵانە ئاگاداریان بێت کە جێگەی متمانە نین.) بێگومان گشتاندنی دیدی یەک روانگەیی جانسۆن بە سەراپای مێژووی بزوتنەوەی رۆشنبیری ئینسافانە نیە، ئەو مەترسیە لە گۆڕێدایە کە وێنە یان وێنای رۆشنبیر لە نێو کۆمەڵدا ونبێ، یان لە رەوتی بزاوتی کۆمەڵگادا بگۆڕێ بۆ پیشەیەک لە پیشەکان، یان شێوەیەکی تر. من لە موحازەرەکانی خۆمدا ئەو راستیانەی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمم پێقبوڵە کە رەگ و ریشەیان دەچێتەوە سەر بۆچوونەکانی گرامشی، بەڵام جەخت لەسەر ئەو خاڵەش دەکەمەوە کە لە کۆمەڵگادا رۆشنبیر تاکە کەسێکە کە رۆڵێکی تایبەتی و گشتی هەیە و ناتوانێ هەروا بەئاسانی خۆی لە پیشەیەکدا دیل بکات، یان بە تەنها ئەندامێکی شایستەی توێژێک بێت، واتە کەسێک کە بە تەنها بیر لە کار و پیشەی خۆی بکاتەوە. من وایدەبینم کە راستیەکەی ئەوەیە کە رۆشنبیر تاکە کەسێکی خاوەن هێزێکی زەینییە بۆ حاڵیکردن و بەرجەستە کردن و رونکردنەوەی پەیامێک، تیۆرەیەک، دیدگایەک یان فەلسەفە یان هزر.. هەم بۆ هەموان و هەم بە هەمووان.

رۆشنبیر تاکە کەسێکە کە(بیانووی بوون)ی بینینی رۆڵی نوێنەرایەتی هەموو ئەو خەڵک و مەسەلانەیە کە کەوتونەتە پەراوێزی رووداوەکان، یان فەرامۆشکراون، یان شاردراونەتەوە. رۆشنبیری لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک پرەنسیپی جیهانگیرانە ئەم کارە ئەنجامدەدات.



بە جێگیر کردنی رێبازی گۆرانکاری رۆشنبیری لە سەدەی رابـردوودا، ئێمە سێ گروپی رۆشنبیر بووین، رۆشنبیری ئەندێش نەگۆڕ(چەقبەستوو)، رۆشنبیری نەهلیستیٰ، و سەرەنجام رۆشنبیری گەرۆک کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. سـەدەی بیستەم تەسلیمبوونی هەندێ لە رۆشنبیران بوو بە ئایدۆلۆژیا سەرکوتکەرەکانی وەکو ستالینیزم، نازیزم یان هەر جۆرە تۆتالیتاریزمێک، بەڵام تەنها شێوەی سێهەم واتە رۆشنبیری گەرۆک بوو کە بە ئازایەتی و ئەندێشەی قووڵ دەناسرایەوە. مایەی سەرسامی نییە کە جۆرج ئۆرێل لە پاش ئەزموونە ترسناکەکانی دەیـەی سی و چلەکان، کەسانی

عەوام بۆ ڕۆشنبیری بە کۆمەڵ هاندەدات. کاتێک ڕۆشنبیر لە بزاقی حەقیقەت دا دەمێنێتەوە و ڕەوشی ئەندێش نەگۆڕ یان پوچ گەرایانە بگرێتە بەر.

خانەی سنورە دیارەکانی زانستی سیاسەتیش بە تاڵ دەکاتەوە و لێرەدایە کە سنورێک بۆ چەپ و ڕاست نامێنێتەوە. ئەم قسەیەی تزوتان تۆدۆرۆف بێ پەیوەست نییە کە بە ڕاشکاوی وتویەتی (قوتابخانەی هایدگەر، ئەمڕۆ تەنها ئەلتەرناتیڤێکی سادەیە بۆ مارکسیزمە لە نەفس کەوتوو.

بە وتەی نۆرمان پودورتس ڕۆشنبیر کەسێکە کە لە بیری گۆڕانی هەموو جیهان دا بێت.

ئیدوارد سەعید سەرەرای نوسین، دەربری ڕوخساری سێیەمی ڕۆشنبیرییە، لە دواهەمین بەرهەمی خۆیدا(نامۆ) بوونیش دەخاتە سەر مەرجەکانی ڕۆشنبیری گەڕۆک. هەر لە هەمان بابەتیشدایە کە هێرش دەکاتە سەر ڕۆشنبیرانی دوورەپەرێز و هانیاندەدا کە بە دوای(حەقیقەت)دا بگەڕێن، ڕۆشنبیر نابێت لە خاڵێکی گرنکترش بێئاگابێ و ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە بوێری دنیا بینی خۆی هەبێ و لەم مەرجانەدا کە دەبێت دان بە وردە هەڵەکانی خۆیدا بنێ و ڕێ بە ترس دەدات لە دڵی خۆیدا، ڕۆشنبیر لەم چوارچێوەیەدا تا لە ساتە مەترسیدارەکان، ئامادە بێـ دووربخرێتەوە و تەنانەت لە خاچیش بدرێ. ڕۆشنبیری دوورخراوە کەسێکە کە لە کەشە نائارام و ناخۆشەکاندا بە تەواوی هەست بە نامۆبوون و نائارامییەکی هەمیشەیی دەکات. ئەو بێ ئارامە و شتێکی سروشتییە کە ویژدانی مرۆڤیش نیگەران و پەشۆکاو بکات.

ئەم پەرتوکەی ئیدوارد سەعید کەلەسەر ڕەخنەی تەوژمە ڕۆشنبیرییەکان لە جیهان و ئێران نوسراوە، لە هەوڵدایە تا هەمان ئەو پرسانەی کە بارگاس یوسا لە کتێبی ( جەنگی ئاخرزەمان)دا لە ڕۆشنبیرانی ئەمریکای لاتینی پرسی، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆشنبیران و ڕۆشنبیرانی ئەم سەد ساڵەی دوایی ئێران بپرسێ. کە بۆچی ڕۆشنبیرانی ئەمریکای لاتین، خەڵکی خاوەن هزر و پەروەردەیین، خەڵکێکن زانیاری وردییان دەربارەی هەموو ئەو شتانە هەیە کە لەم وڵاتانەدا ڕوودەدات. کەسانێکن کە زۆربەیان سەفەری زۆریان کردووە، هەر بۆیە دەتوانن ڕووداوەکانی وڵاتێک بە وڵاتێکی تر بەراورد بکەن و دەتوانن وێنەیەکیان لە کێشە و گرفتەکانی ئەمریکای لاتین لەلا هەبێت. چەندین جار بەرپرسی بەرهەڵستکاری و ئەو گرفتانە بوون کە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا هاتوەتە پێش؟

ڕۆشنبیر تاکە کەسێکە کە(بیانووی بوون)ی بینینی ڕۆڵی نوێنەرایەتی هەموو ئەو خەڵک و مەسەلانەیە کە کەوتونەتە پەراوێزی ڕووداوەکان

**سەرچاوە:**

– همیستگی ژمارە(216)